Journal Of the Iraqia University (76-8) September (2026)

ISSN(Print): 1813-4521 Online ISSN:2663-7502
Journal Of the Iraqia University
available online at: https://www.mabdaa.edu.iq

# أنطولوجيا الإعجاز النبوي في قصيدة (بحر النور) للشاعر محوي

## ئەنتۆلۆجیای پەرچووی پێغەمبەر (د.خ) لە قەسیدەی (بەحری نوور)ی مەحوی دا

**م.م. كوسار عمر احمد**

**(مدرس مساعد)/ قسم التحليلات المرضية**

**الكلية التقنية كلار/ جامعة كرميان التقنية**

kosar.omar@gpu.edu.iq

# The Ontology of Prophet Muhammad's Miracle (PBUH) in Mahwi's Qasida "Bahri Nuur"

**Lect. Koser Omer Ahmed.Assist**

Department of Pathological Analyses

Kalar Technical College / Garmian Polytechnic University

kosar.omar@gpu.edu.iq

**Abstract**

Classical Kurdish literature, especially the Na'at (prophetic praise) poetry of Mahwi, is not merely a simple historical and descriptive expression, but rather a rich domain of profound convergence and integration of Islamic mysticism (Irfan) and theology (Kalam). This research, titled " The Ontology of Prophet Muhammad's Miracle (PBUH) in Mahwi's Qasida "Bahri Nuur", endeavors to investigate the Ontology and artistic dimensions of the Prophet's (PBUH) miracles in this classical text, employing a descriptive-analytical methodology. The qasida "Bahri Nuur," considered a pinnacle of Na'at poetry in Kurdish literature, is treated by Mahwi not just as a lifeless historical narrative but is discovered as a rich aesthetic source. The study focuses on the classification of miracles (spiritual, sensory, unseen, and pre-prophetic portents [irhasat]) and how rhetorical devices such as simile (tashbih), allusion (talmih), and poetic etiology (husn al-ta'lil) are activated to depict mystical emotion and gnostic confession. The findings demonstrate that Mahwi, through symbolic language, was able to transform theological and Kalamic meanings into tableaus of artistic beauty, in which the laws of matter are broken to express the sanctity of the great Prophet (PBUH). The research concludes by presenting its most important cognitive and artistic findings and suggestions, followed by a list of the cited sources arranged in academic order.Keywords: Ontology of the Miracle, Metaphysical Symbolism, The Muhammadan Reality (al-Ḥaqīqa al-Muḥammadiyya), Theological-Mystical (Kalam-Irfani) Epistemology.

ملخص:

الأدب الكردي الكلاسيكي، وبخاصة شعر المديح النبوي لدى الشاعر محوي، لا يمثل مجرد تعبيرٍ تاريخيٍ ووصفٍ سطحي، بل يشكل فضاءً ثرياً يتجسد فيه التلاقي والتلاحم العميق بين العرفان وعلم الكلام الإسلامي. تسعى هذه الدراسة، تحت عنوان: " أنطولوجيا الإعجاز النبوي في قصيدة (بحر النور) للشاعر محوي"، إلى استكشاف الأبعاد أنطولوجيا والفنية لمعجزات النبي (صلى الله عليه وسلم) في هذا النص الكلاسيكي، معتمدةً على

المنهج الوصفي التحليلي. إن قصيدة "بحر النور"، التي تعد إحدى ذرى شعر المديح النبوي في الأدب الكردي، لم يتناولها محوي بوصفها سرداً تاريخياً جامداً، بل كشف عنها بوصفها مصدراً غنياً بالجماليات. تركز الدراسة على تصنيف المعجزات (المعنوية، والحسية، والغيبية، والإرهاصات)، وتبحث في كيفية تفعيل الأدوات البلاغية، كالتشبيه والتلميح وحسن التعليل وغيرها، لتجسيد العواطف والاعترافات العرفانية. وتُظهر النتائج أن محوي قد تمكن، عبر لغة الرمز، من تحويل المعاني الكلامية واللاهوتية إلى لوحات فنية بديعة، تتجاوز فيها قوانين المادة للتعبير عن قدسية النبي الأعظم (صلى الله عليه وسلم). وتُختتم الدراسة، بعد عرض أهم النتائج المعرفية والفنية والمقترحات، بتقديم قائمة بالمصادر المستخدمة وفقاً للترتيب الأكاديمي المتبع.**الكلمات المفتاحية** :أنطولوجيا الإعجاز، الترميز الميتافيزيقي، الحقيقة المحمدية، المعرفة الكلامية–العرفانية.

**پوختە**

ئەدەبی کلاسیکی کوردی، بەتایبەت شیعری نەعت لای مەحوی، تەنها گوزارشتێکی دیرۆکیی و وەسفیی سادە نییە، بەڵکو کایەیەکی دەوڵەمەندە لە بەیەکگەیشتن و یەکگرتنی قووڵی عیرفان و تیۆلۆجیی ئیسلامی. ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی: ئەنتۆلۆجیای پەرچووی پێغەمبەر (د.خ) لە قەسیدەی (بەحری نوور)ی مەحوی دا، هەوڵدەدات بە میتۆدی وەسفی–شیکاریی لە ڕەهەندە ئەنتۆلۆجییەکان و هونەرییەکانی پەرچووەکانی پێغەمبەر (د.خ) لەم دەقە کلاسیکەدا بکۆڵێتەوە. قەسیدەی بەحری نوور کە یەکێکە لە لووتکەکانی شیعری نەعت لە ئەدەبیاتی کوردیدا، لە لایەن مەحوییەوە نەک وەک تەنها گێڕانەوەیەکی دیرۆکیی بێگیان، بەڵکو وەک سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ئیستاتیکی دۆزراوەتەوە. توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر پۆلێنکردنی موعجیزەکان (مەعنەوی، هەستی، غەیبی، ئیرهاسات) و چۆنیەتی کاراکردنی ئامرازە ڕەوانبێژییەکانی وەک تەشبیە، تەلمیح، و حوسنی تەعلیل و... بۆ وێناکردنی سۆز و دانپیادانانی عیرفانی. دەرەنجامەکان دەیسەلمێنن کە مەحوی لە ڕێگەی زمانی هێماوە توانیوەتی مانا تیۆلۆجی و کلامییەکان بگۆڕێت بۆ تابلۆی جوانیی هونەری کە تێیدا یاساکانی ماددە تێکدەشکێن بۆ گوزارشتکردن لە پیرۆزیی پێغەمبەری مەزن (د.خ). توێژینەوەکە لە کۆتاییدا و پاش خستنەڕووی گرنگترین دەرەنجامە مەعریفی و هونەرییەکان و پێشنیاز، بە ڕیزکردنی لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکانی بەپێی بەڕیزبەندیی ئەکادیمیی کۆتایی پێ دێت.

**کلیلەوشەکان:** ئۆنتۆلۆجیای پەرچوو، هێماکاریی مێتافیزیکی، حەقیقەتی محەممەدی، مەعریفەی کەلامی–عیرفانی.

**پێشەکی**

ئەدەبی کلاسیکی کوردی، بەتایبەت شیعری نەعت لای شاعیری ناودار (مەحوی١٨٣٦–١٩٠٦)، تەنها گوزارشتێکی مێژوویی و وەسفیی سادە نییە، بەڵکو کایەیەکی دەوڵەمەندە لە بەیەکگەیشتن و یەکگرتنی قووڵی عیرفان و تیۆلۆجیی ئیسلامی (زانستی کەلام). ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئەنتۆلۆجیای پەرچووی پێغەمبەر (د.خ) لە قەسیدەی "بەحری نوور"ی مەحوی دا) هەوڵێکی زانستی و وردە بۆ تێپەڕاندنی خوێندنەوە ڕووکەشییەکان و خستنەڕووی موعجیزە وەک سەرچاوەیەکی بێپایانی ئیلهامی هونەری و جوانکاری. گرنگیی ئەم بابەتە لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت: دروستکردنی پردێکی مەعریفی لە نێوان عیرفان و کەلامدا، شیکردنەوەی شاکارێکی مۆسیقایی و زمانیی وەک قەسیدەی بەحری نوور، و پێشکەشکردنی مۆدێلێکی شیکاریی نوێ بۆ خوێندنەوەی دەقی مێتافیزیکی. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەش بۆ فرەچەشنی و دەوڵەمەندیی پەرچووەکانی ناو قەسیدەکە دەگەڕێتەوە کە لە موعجیزەی مەعنەوییەوە (قورئان) تا پەرچووە هەستییەکان (ئیسرا و میعراج، شەقکردنی مانگ، و هەڵقوڵانی ئاو لە پەنجەکان) و تەنانەت موعجیزەکانی کاتی لەدایکبوون و ئیرهاسات پۆلێن دەکرێن. سەرەڕای ئەم لایەنە ناوازانە، ئەنجامدانی توێژینەوەکە بێبەش نەبووە لە ئاستەنگ و بەربەست؛ کە دیارترینیان بریتی بوون لە: ئاڵۆزیی فەرهەنگی زمانی و زاراوەیی مەحوی، پاراستنی هاوسەنگییەکی دروست لە نێوان دۆگمای ئایینی و جوانکاریی ئەدەبیدا، و کەمبوونی سەرچاوەی تایبەت بە لایەنی ڕەوانبێژی و جوانکاریی ئەم قەسیدە ناوازەیە.

بۆ بەدەستهێنانی ڕاستگۆیی و دروستیی زانستی، توێژینەوەکە پشتی بە مێتۆدی وەسفی–شیکاری بەستووە؛ بە جۆرێک لە هەنگاوی یەکەمدا بە شێوازێکی سیستەماتیک و وەسفی سەرجەم پەرچووەکانی ناو قەسیدەکە پۆلێن دەکرێن، و لە هەنگاوی دووەمدا بە شێوازێکی شیکاریی زمانەوانی و ئەدەبی کار لەسەر دەرخستنی ڕەهەندە ئیستاتیکییەکانیان دەکرێت لای شاعیر. ستراکتۆری گشتیی توێژینەوەکەش بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبێت: بەشی یەکەم (چوارچێوەی تیۆری) تیشک دەخاتە سەر چەمکی موعجیزە و ئامرازە ڕەوانبێژییەکانی گوزارشتکردن لە شیعری نەعتدا، بەشی دووەمیش (شیکاریی پراکتیکی) تایبەتە بە دەستنیشانکردنی پەرچووەکان و شیکردنەوەی هونەرییانەی ئەو تەکنیکە ڕەوانبێژیانەی کە مەحوی بەکاریهێناون (وەک تەڵمیح، تەشبیە، حوسنی تەعلیل، و ئیقتیباس). توێژینەوەکە لە کۆتاییدا پاش خستنەڕووی گرنگترین دەرەنجامە مەعریفی و هونەرییەکان و پێشنیاز، بە ڕیزکردنی لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکانی بەپێی بەڕیزبەندیی ئەکادیمیی کۆتایی پێ دێت.

**بەشی یەکەم**

**تەوەری یەکەم:** چەمکی موعجیزە و پێگەی ئەدەبیی

**یەکەم:** چەمکی موعجیزە( پەسن و جۆر و پۆلێنکردن)

چەمکی پەرجوو(موعجیزە) یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی جیهانبینیی ئایینی، کە نەک تەنها وەک بەڵگەیەکی مێژوویی و کەلامی بۆ سەلماندنی ڕاستیی پەیامی پێغەمبەران ڕۆڵی گێڕابێ، بەڵکو بووەتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ئیلهام بۆ ئەدەب و عیرفانیش. تێگەیشتن لە چییەتی و ڕەهەندەکانی ئەم چەمکە، کلیل و دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن بوون و ئەو بنەما هزری و ئیستاتیکییانەی کە شاعیرانی کلاسیک، بەتایبەت (مەحوی١٨٣٦-١٩٠٦)ی، بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و سەرسامیی خۆیان بۆ زاتی پێغەمبەر (د.خ) پشتیان پێ بەستووە.

لەڕووی زاراوەیی (التعریف الاصطلاحي): موعجیزە لە زاراوەی ئیسلامیدا بە کردەوەی نائاسایی(خارق للعادة) پێناسە دەکرێت کە لەسەر دەستی کەسێکدا دەردەکەوێت کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات، بە مەبەستی سەلماندنی ڕاستگۆییەکەی. دەشوترێت"ڕووداوێک کە بەپێی یاسا سروشتییەکان لێکنادرێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ هێزێکی نائاسایی، واتە دەسەڵاتی خودا"١. ئەم پێناسەیە دەکرێ زیاتر ڕوونکرێتەوە، بەوەی موعجیزە دەبێت بە جۆرێک بێت کە مرۆڤەکان لە هێنانەوەی هاوشێوەی دەستەوسان بن٢. بەتێگەیشتن لەم پەسنانە دەکرێت بگەیتە ئەوەش کە موعجیزە چەند مەرجێکی هەی: دەبێت شتێکی نائاسایی بێت کە پێچەوانەی ڕەوتی ئاسایی دیاردەکان بێت، دووبارەکردنەوەی بۆ مرۆڤی ئاسایی ئەستەم بێت. لە ڕوانگەیەکی ترەوە عەبدولمونعیم هاشمی جەخت دەکاتەوە کە موعجیزە تەنها بۆ ئەوە نییە نەیاران باوەڕمەندە بکات، بەڵکو بۆ ئەوەیە بیسەلمێنێت پێغەمبەر بە سەرچاوەیەکی بێ کۆتایی و نەبڕاوەی بە(خودا)وە بەستراوەتەوە٣.

یەکێک لە گرنگترین و دیارترین ڕەهەندەکانی موعجیزە، لایەنی بەربەرەکانێ یە. مستەفا عەدەوی ئاماژە بەوە دەکات کە خودای گەورە هەر پێغەمبەرێک پاراو پڕچەک دەکات بە موعجیزەیەک کە گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی ئەو سەردەمەی تێیدا ڕەوانە کراوە؛ بۆ نموونە بۆ پێغەمبەر موسا (س.خ) کە سیحر باو بووە، گۆچانەکەی دەکاتە موعجیزە و بۆ پێغەمبەر عیسا (س.خ) کە پزیشکی باو بووە، زیندووکردنەوەی مردوو دەکاتە نیشانە٤. قورئانی پیرۆزیش، کە بە گەورەترین موعجیزەی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دادەنرێت، بە شێوەیەکی زۆر ڕوون ئەم بنەمایەی پەیرەو کردووە. حسین مقیسە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە قورئان لە چەندین قۆناغی جیاوازدا بەرەنگاری نەیارەکانی بووەتەوە٥. ئیبن کثیر لە شیکردنەوەی ئەم بەربەرەکانێیەدا دەڵێت کە ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە موعجیزەی قورئان لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و سەردەمەکاندا بەردەوام لایەنی نوێی ئیعجازی خۆی دەردەخات٦.

بە بۆچوونی ئێمە چەمکی موعجیزە لە هزری ئیسلامیدا تەنها لە چوارچێوەی بەربەرەکانێ و سەلماندنی ڕاستگۆیی پێغەمبەراندا قەتیس نامێنێتەوە، بەڵکو ڕەهەندێکی فراوانتری هەیە کە نیشانە و بانگەواز بۆ تێڕامان (التفکر)یش دەگرێتەوە. ئایەتی ((أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ)) [الغاشیة: ١٧] نموونەیەکی بەرچاوی ئەم جۆرە موعجیزەیەیە. محمد جواد لە شیکردنەوەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت: "خداوند در این آیه... ما را به تأمل و تفکر در نحوه آفرینش شتر دعوت میکند"٧. لێرەدا پێویستە ئەوە بخەینە ڕوو چونکە (مەحوی)شاعیرێکی ئەهلی تەصوف بووە پێمان باش بوو کە جیاوازی بکرێت لە نێوان (موعجیزە) و (کەرامەت). کە کەرامەت ئەو کارە نائاساییانەن کە خودا بۆ ڕێزلێنان لە ئەولیا و پیاوچاکان دەریدەخات وە بە پێچەوانەی موعجیزەوە، خاوەن کەرامەت بانگەشەی پێغەمبەرایەتی ناکات و کەرامەتەکەشی بۆ بەربەرەکانێ نییە٨و هەروەها پێچەوانەی موعجیزە لەبەرچاوی خەڵکی دەشاردرێتەوە. کەواتە، دەتوانین موعجیزەکان بۆ دوو جۆری سەرەکی پۆلێن بکەین، یەکەم: موعجیزەی سەلمێنەر (المعجزة البرهانية): کە ئامانجی سەرەکیی سەلماندنی ڕاستگۆیی پێغەمبەرە لە ڕێگەی بەربەرەکانێوە، وەک موعجیزەی قورئان و شەقبوونی مانگ. دووەم: موعجیزەی تێڕامان (المعجزة التأملية): کە ئامانجی سەرەکیی کردنەوەی دەرگای تێفکرین و ناسینی گەورەیی خوایە لە ڕێگەی نیشاندانی وردەکاری لە دروستکراوەکانیدا. ئەم تێڕوانینە فراوانە بۆ چەمکی موعجیزە، یارمەتیدەرێکی گەورە دەبێت لە شیکردنەوەی شیعرەکانی مەحویدا، چونکە ئەو وەک شاعیرێکی عاریف، زیاتر لە ڕەهەندی دووەمی موعجیزە (فەلسەفەی بوون، تێڕامان و ئیستاتیکا) نزیک دەبێتەوە. هەروەها هەندێک لە متکلمەکان موعجیزەیان بە ئەزموونی ناوەکیی خاوەن موعجیزەکەوە بەستووەتەوە، ئەمە ڕەهەندێکی ڕۆحی و ئیستاتیکیی زیاتر بە چەمکەکە دەبەخشێت٩. ئەم تێکەڵاوبوونەی عیرفان و کەلام لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ڕەنگدانەوەی ماریفەتێکی قووڵە کە مانا نائاساییەکان دەکات بە هەوێنی ئیستاتیکای شیعر١٠.

**دووەم** :پێگەی موعجیزە لە شیعری نەعتی پێغەمبەر لە ئەدەبیاتی کلاسیکیی کوردیدا ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی، بەگشتی بە ئەدەبیاتی حوجرە ناسراوە، چونکە لە باوەشی مزگەوت و حوجرەی زانایانی ئایینیی کورددا گەشەی کردووە و پارێزراوە١١، ئەم ئەدەبە لەژێر چاودێری و پەروەردەی مەلای کورددا نەک هەر لە ڕووی ناوەڕۆکی ئایینییەوە، بەڵکو لە ڕووی هونەری وبوون و ئیستاتیکییەوە گەیشتووەتە لووتکەی باڵا.

قوتابخانە ئەدەبییە مەزنەکانی وەک لە باکوور بە ڕابەرایەتیی (مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، فەقێی تەیران...) و لە گۆران (بێسارانی، مەولەوی، پیرشالیار و شاخۆشێن...) و قوتابخانەی بابان(نالی، سالم، کوردی م حاجی قادر...)و ...هەموویان بەرهەمی ئەم ژینگە ڕۆشنبیرییە ئایینیيەن١٢. شیعری پیاهەڵدان لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا،ئەو شیعرانەیە کە بە مەبەستی ستایشکردن و پاڕانەوە و داواکردنی شەفاعەت لە پێغەمبەر (د.خ) نووسراون١٣. شاعیرانی کوردیش وەک بەشێک لەم کەلەپوورە گشتییە، بەشێکی گەورەی دیوانەکانیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە. لەناو ئەم شیعرانەدا پەرجوو (موعجیزە) وەک یەکێک لە گرنگترین کەرەستە شیعرییەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە و شاعیران موعجیزەیان نەک تەنها وەک بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ سەلماندنی پێغەمبەرایەتی، بەڵکو وەک ئەنتۆلۆجیایەك بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و نیشاندانی گەورەیی ئەو زاتە پیرۆزە بەکارهێناوە.

لەو موعجیزانەی کە زۆرترین ڕەنگدانەوەی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا هەبووە، ئەو ڕووداوە نائاساییانەن کە هاوکات لەگەڵ لەدایکبوونی پێغەمبەردا (د.خ) ڕوویانداوە، شاعیرانی کلاسیک ئەم ڕووداوانەیان لە چوارچێوە تەسکە دیرۆکییەکەی دەرهێناوە و وەک هێمایەکی ئەنتۆلۆجی بۆ ڕووخانی دەسەڵاتی ستەمکاری و کۆتاییهاتنی سەردەمی جاهیلییەت بەکارهێناوە. لای ئەوان، شەقبوونی تاقی کیسرا تەنها ڕووخانێکی فیزیکی نییە، بەڵکو هێمایە بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی ستەمکارانەو بە هەمانشێوە، کوژانەوەی ئاگری پەرستگای زەردەشتییەکانیش تەنها خامۆشبوونێکی ئاسایی نییە، بەڵکو هێمایە بۆ پووچەڵبوونەوەی باوەڕە کۆنەکان و هاتنی پەیامێکی نوێ کە ڕووناکی و ڕاستی لەگەڵ خۆیدا هێناوە ئەم بەکارهێنانە هێماییانە کە تێیدا شاعیران "بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی هەستەکانیان ڕازاندووەتەوە و جۆش و خرۆشی ناوەوەی خۆیان لە شیعرەکانیاندا ڕەنگداوەتەوە١٤"، بەڕوونی لە شیعری قوتابخانەی بابان و پەیڕەوانیاندا دەردەکەوێت، بۆ نموونە، (نالی١٨٠٠-١٨٧٧)، شاعیری گەورەی بابان، بەم شێوەیە ئاماژە بەم ڕووداوانە دەکات و دەڵێت(ئەمارەت خوسری خوسرەو، کەسری کیسرا، شەققی ئەیوانە)[١٥] شاعیر بە ڕوونی ئاماژە بە ڕووخانی تاقی کیسرا دەکات هاوشان لەگەڵ کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی خوسرەو. (سالم١٨٠٠-١٨٦٦)یش هەمان وێنە بەکاردەهێنێتەوە و دەڵێت (شەتتی ساوا، تاقی کیسرا ,ئاگری زەردەشت فەنا)١٦ سالم لێرەدا موعجیزەی یاری دڵارام (مەبەستی پێغەمبەرە) بە خامۆشکردنی ئاگری زەردەشت و فەناکردنی تاقی کیسرا دەبەستێتەوە. (بێخود١٨٧٩-١٩٥٥)یش بە شێوازێکی هونەرییانە بەراوردی نێوان دوو موعجیزەی جیاواز دەکات و پلەبەندییان بۆ دەکات .ئەو لە شیعرێکیدا دەڵێت (بە زاهیربوونی، تاقی کیسرەوی نەتدی کە چی پێ هات// قەمەر نازانی چۆن شەق بوو بە یەک ئیمایی پێغەمبەر)[١٧] لێرەدا بێخود هونەرێکی جوانی بەراوردکاری بەکاردەهێنێت؛ شەقبوونی تاقی کیسرا (کە لە کاتی لەدایکبوونیدا ڕوویدا) بە بەڵگەیەکی ئاشکرا دادەنێت، بەڵام ڕاستەوخۆ دەیبەستێتەوە بە موعجیزەیەکی گەورەترەوە کە شەقبوونی مانگە (شق القمر). بەکارهێنانی وشەی ئیمایی (ئیشارە) نیشانەی ئەوەیە کە چۆن بە تەنها ئیشارەتێکی پەنجەی پیرۆزی پێغەمبەر (د.خ) مانگ لە ئاسماندا دەبێت بە دوو کەرتەوە. شاعیر بەم بەراوردە پلەیەکی باڵاتر دەبەخشێت، وەک ئەوەی بڵێت ئەگەر لە شکۆی لەدایکبوونیدا تاقی کیسرا دەڕووخێت، ئەی دەبێت لە شکۆی ئیشارەتێکیدا چی ڕووبدات!

ئەم نموونانە دەریدەخەن پەرچوو لە شیعری کلاسیکی کوردیدا تەنها گێڕانەوەیەکی ڕووداوی مێژوویی نییە، بەڵکو لەلایەن شاعیرانەوە کراوەتە بنەمایەکی هزری و هونەریی زیندوو. ئەوان موعجیزەیان وەک ئامرازێکی بەهێزی ئەنتۆلۆجی و ئیستاتیکی بەکارهێناوە بۆ بەخشینی ڕەهەندی نوێ. بەمەش بووەتە هێمایەک بۆ بەرجەستەکردنی گەورەیی پێغەمبەر و دەربڕینی مانا عیرفانییە قووڵەکان.

**تەوەری دووەم: ئامرازە هونەری و ڕەوانبێژییەکانی قەصیدەی (بەحری نوور)**

**یەکەم**: وێنەی شیعری و گرنگترین تەکنیکە ڕەوانبێژییەکان وەک ئامرازی گوزارشتکردن لە قەصیدەی (بەحری نوور)دا

وێنەی شیعری ڕەنگدانەوەی سادەی واقیع نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە کە شاعیر لە ڕێگەی گەمەی زمانییەوە جیهانێکی نوێی جیاواز بنیات دەنێت. ئەم وێنەیە لە ڕێگەی تەکنیکە ڕەوانبێژییەکانەوە زیندوو دەبێتەوە، کە بەبێ ئەوان وەک چوارچێوەیەکی وشک و بێ گیان دەمێنێتەوە. چونکە ئەم تەکنیکانە تەنها بۆ جوانکاری نین، بەڵکو ئامرازێکی مەعریفین بۆ ئاشکراکردنی پەیوەندییە قووڵ و شاراوەکانی نێوان مرۆڤ و گەردوون. بۆیە زمانی شیعر بەپێچەوانەی زمانی ئاسایی، لەبری قەتیسبوون لە ڕەهەندی ئەقڵیدا، چوار ڕەهەندی سەرەکیی هەست، نەست، خەیاڵ و ئەقڵ لەخۆدەگرێت بۆ پێکهێنانی وێنەیەکی فرەڕەهەند و جادوویی..[١٨] ئەم فرەڕەهەندیی وێنەیە، دەسەڵات دەبەخشێتە دەق بۆ گواستنەوەی کاریگەریی مانا ئاڵۆزەکان و سۆزەکان، بەجۆرێک خوێنەر لەبری تەنها خوێندنەوە، لەگەڵ ماناکاندا دەژی و تاقیيان دەکاتەوە. لەم سۆنگەیەوە، ئێمە لەو بڕوایەداین زمانی شیعری وەک ئیعجازێکی زمانی وایە کە تێیدا شاعیر دەتوانێت شتە نائاساییەکان وەک ڕاستییەکی جێگیر بخاتەڕوو. ئەمەش، وەک عەبدولمونعیم هاشمی ئاماژەی پێدەدات، پەیوەستە بە سەرچاوەی ئیلهام و خەیاڵی شاعیرەوە کە وا دەکات مانا وەرگر تووشی سەرسامیی قووڵ بکات[١٩]. بەم شێوەیە، وێنەی شیعری یاساکانی سروشت تێکدەشکێنێت و شیعر لە ئاستی گێڕانەوەوە بۆ ئاستی داهێنانی مەعریفی بەرز دەکاتەوە.

لە نێو ئەم ئامرازە ڕەوانبێژییە گوزارشتکارانەدا، ئێمە تەنها مامەڵە لەگەڵ ئەو بەیتانەدا دەکەین کە ئاماژەی پەرجوو ئەنوێنن. لەگرنگترین ئەو ئامرازانە؛ چواندن (تشبیە) وەک بنەمایەکی ڕەوانبێژیی گرنگ، پردی پەیوەندی لە نێوان جیهانی نادیار و دیاردا دروست دەکات و هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی یەکێتییەکی مەعنەوی لە گەردووندا. هێزی ئەم وێنەیە لە توانای شاعیردایە بۆ تێکەڵکردنی مانا دوورەکان، کە ئەمەش کاریگەرییەکی قووڵ و جێگیر لەسەر دەروونی وەرگر جێدەهێڵێت. هەر بۆیە، وەک موحسین ئەحمەد جەختی لەسەر دەکاتەوە، وێنەی هونەری کرۆکی دانەبڕاوی شیعرە و بەبێ ئەو، دەق ناسنامەی داهێنانی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە تەنها وشەی بێ گیان.[٢٠] هەروەها تەکنیکی کنایە (الكناية) ڕەهەندێکی تری گرنگی گوزارشتکردنە کە پەنابردنە بۆ مانای ناڕاستەوخۆ بۆ گەیاندنی پەیامە هەستیارەکان، کە تێیدا مەبەستی سەرەکی لەپشت واتا ڕواڵەتییەکەوە شاردراوەتەوە[٢١]. ئەم شێوازە خوێنەر ناچار دەکات بۆ دۆزینەوەی مانا بیربکاتەوە، بەمەش دەقەکە وەک مەتەڵێکی جوان لە یادگەیدا جێگیر دەکات. بەم پێیە، تەکنیکە ڕەوانبێژییەکان تەنها بۆ جوانکاری نین، بەڵکو دەسەڵاتی شاعیرن بۆ دەربڕینی ئەو سۆز و ئەزموونە قووڵانەی کە وشەی ئاسایی هەڵیانناگرێت. هەر بۆیە وێنەی شیعری دەبێتە ئەو فەزا داهێنەرانەیەی کە لە ڕێگەی ئیعجازی زمانییەوە، مانا نائاساییەکان دەکاتە بەشێک لە هۆشیاریی مرۆڤ.

**دووەم** :شێوازی تایبەتیی مەحوی لە بەکارهێنانی ئامرازەکاندا بۆ مەبەستی عیرفانی لە قەصیدەی (بەحری نوور)دا (مەحوی١٨٣٦-١٩٠٦) وەک یەکێک لە عارفەکانی شیعری کلاسیکی کوردی، خاوەن شێوازێکی وردکار و زمانەکەی تێکەڵاوێکە لە وشە و زاراوەی فارسی و عەرەبی. بەو پێیەی دەرچووی حوجرە و مزگەوتەکان بووە، بە ڕوونی ئایین و کولتووری ئیسلامی لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە[٢٢] و داڕشتنێکی پتەوە کە تێیدا زمان تەنها ئامرازێکی گەیاندن نییە، بەڵکو دەبێتە کەرەستەیەکی مەعریفی بۆ بونیادنانی جیهانبینینێکی عیرفانیی قووڵ. شێوازی تایبەتی مەحوی لەوەدایە کە زاراوە شەرعی و فەلسەفییەکان لە مانا ڕووکەشەکەیان دادەماڵێت و وەک هێما بۆ گەیاندنی ئەزموونی ڕۆحی بەکاریاندێنێت[٢٣]. یەکێک لە دیارترین نموونەکانیشی بەکارهێنانی (کیمیا)یە وەک هێمای گۆڕینی مسێتی بوونی مرۆڤ بۆ زێڕی مەعریفەت، کە بە ئیخلاس و دڵسۆزی بەدیدێت. لای ئەو کیمیا پرۆسەیەکی تاقیگەیی نییە، بەڵکو خزمەتکردنی ڕێبوارانی ڕێگەی حەقیقەتە[٢٤] . مەحوی لەم بارەیەوە دەڵێت:دەپرسن: کیمیا؟ خدمەت بە مەرد، ئەمما بە ئیخلاسی وەگەر نا، کەم لە بووبەکری نەبوو خدمەت ئەبوو تالیب[٢٥] مەحوی ئامرازی خزمەت وەک کلیلێک بۆ گەیشتن بە پلەی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بەکار دەهێنێت[٢٦] و جەخت دەکاتەوە کە بەبێ ئیخلاس، ئامرازەکان بێ مانا دەبن .هەروەها لە بەکارهێنانی ئامرازی چاو دا، شێوازێکی تایبەتی هەیە کە لە (چاوی سەر)ەوە دەگوێزێت بۆ چاوی دڵ-بەسیرەت. مەحوی بە شێوەیەکی پارادۆکسی، "داغی عیشق" وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی بینینی حەقیقەت بەکاردەهێنێت، کە تێیدا چاو بە سووتان دەگاتە دەرک. هەروەها دوانەیی (مەحموود و ئەیاز) وەک هێمایەک بۆ پەیوەندیی نێوان بەندە و خودا بەکاردەهێنێت، کە عیشق تێیدا ڕۆڵەکان دەگۆڕێت. ئەم گۆڕانە ئاماژەیە بۆ پلەی "فەنا" کە تێیدا خودی شاعیر لە ئاست مەعشوقی ئەزەلیدا دەتوێتەوە و سیفەتەکان تێکەڵ دەبن[٢٧]. جگە لەمانەش، لە قەصیدەی (بەحری نوور)دا، ئامرازی (سەفەر و میعراج) بە شێوازێکی عیرفانی بەکاردەهێنێت بۆ ستایشی پێغەمبەر . ئەو میعراج تەنها وەک ڕووداوێکی مێژوویی نابینێت، بەڵکو وەک ئامرازێکی گەشتکردن بە ناو(بەحری نوور)ی مەعریفەتدا دەینەخشێنێت کە(زمان) دەبێتە ئامرازی وێناکردنی شتە نائاساییەکان بە شێوەیەک کە وەرگر نغرۆی هەیەجانی عیرفانی بکات[٢٨] .بەکارهێنانی وشەی وەک (دەور و تەسەلسول) و (فەنا في الله) لە ناو دەقەکانیدا، نیشانەی ئەوەیە کە مەحوی زمان وەک تاقیگەیەک بۆ تاقیکردنەوەی مانا نادیارەکان بەکار دەهێنێت[٢٩]. بۆیە ئێمە پێمان وایە شێوازی تایبەتی مەحوی لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە ئامرازە ماددییەکانی وەک (گۆچان و چرا) تەئویل دەکات و دەیانکاتە پەیژەیەک بۆ سەرکەوتن بەرەو مانا میتافیزیکییەکان. بەم ڕێگایە، وەرگر ناچار بە گەشتێکی فیکری دەکات بۆ دۆزینەوەی مانا شاراوەکان، بەجۆرێک شیعرەکەی دەبێتە ڕێچکەیەکی مەعریفی کە ئامانجە باڵاکەی خواناسی و گەیشتنە بە حەقیقەت.

**بەشی دووەم**

**تەوەری یەکەم:** دەستنیشانکردنی پراکتیکیی موعجیزەکان لە قەصیدەی (بەحری نوور)دا موعجیزە، بەپێی پێناسەی زانای پایەبەرز مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: ئەو کردارە لە عادەت بەدەرەیە کە لە کەسێکەوە ڕوودەدات کە ئیدیعای پێغەمبەرێتی دەکا و کەسی تر ناتوانێت بیکات[٣٠]. ئەم کردارە نائاساییە تەنها بۆ سەرسامکردن نییە، بەڵکو بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ سەلماندنی ڕاستگۆیی پەیامبەر و پردی پەیوەندییە لە نێوان جیهانی ماددی و میتافیزیکدا[٣١]. زانایانی ئیسلام، وەک ئیمام ئیبن کەسیر و شێخ مستەفا عەدەوی، هەوڵیان داوە ئەم نیشانانە پۆلێن بکەن؛ هەندێکیان بەپێی جۆری هەستی و مەعنەوی دایانناوە و هەندێکی تریان بەپێی کاتی ڕوودان[٣٢]. بە وردبوونەوە لە سەرچاوەکان، چ لە ڕووی زمانی و قورئانییەوە[٣٣]، یان لە ڕووی لۆژیکی و کەلامییەوە[٣٤]، و تەنانەت لە ڕووی ئەخلاقییەوە[٣٥]، بۆمان دەردەکەوێت کە موعجیزەکانی پێغەمبەر (د.خ) فرەچەشن و فرەئاستن.

لەم بەشەدا، بە مەبەستی گەیشتن بە تێڕوانینێکی گشتگیرتر کە لەگەڵ ناوەڕۆکی قەسیدەکە(بەحری نوور )دا بگونجێت، وامان پێ باش بوو موعجیزەکان بەسەر ئەم پێنج ئاستەدا دابەش بکەین.

١. موعجیزەی مەعنەوی (قورئانی پیرۆز و حەقیقەتی نەبەوی): مەحوی لە چوارچێوەی ئیعجازی مەعنەویدا، بە ڕاشکاوی قورئانی پیرۆز وەک گەورەترین و بەرزترین موعجیزەی پێغەمبەر (د.خ) دەناسێنێت. ئەو بەوپەڕی ڕێزەوە دەڵێت:

و صلی الله علی ئەو حەزرەتەی ساحێب کەمالاتە

کە ئەعلا موعجیزیی، قوربانی بم من، نووری قورئانە[٣٦]

لێرەدا وشەی بەرزترین (اعلا) پلەی قورئان لە سەرووی هەموو موعجیزەکانی تر دادەنێت. ئەمە هاوتایە لەگەڵ تێڕوانینی زانایان کە قورئان بە موعجیزەیەکی عەقڵی و هەمیشەیی دادەنێن، چونکە بە پێچەوانەی موعجیزە هەستییەکانەوە کە تایبەت بوون بە سەردەمێک، قورئان تا ڕۆژی دوایی ڕکابەری هەموو بیر و فەلسەفەیەک دەکات[٣٧]. شاعیر لەم چوارچێوەیەدا، کاریگەریی ئەم موعجیزە مەعنەوییە لەسەر زیندووکردنەوەی دڵ و ڕۆحی مرۆڤایەتی دەردەخات:

چیە ئیبرا، وەرە سەر موعجیزەی ئیحیا بە حەددێکە

لە ئەنفاسی نفختُ فیه من روحي نومایانە[٣٨]

پێی وایە کە زیندووکردنەوەی ڕۆحی لە ڕێگەی پەیامی قورئانییەوە، کە لە هەناسەی ((وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي))وە سەرچاوەی گرتووە، لە زیندووکردنەوەی جەستەیی گەورەترە. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئایەتی ((اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ)) (الأنفال: ٢٤). هەروەها، مەحوی جەخت لەسەر بەردەوامیی ئەم نوورە دەکاتەوە تەنانەت دوای وەفاتی پێغەمبەریش (د.خ): بە ئاوابوونی نووری ون دەبێ خورشید و ئەم شەمسە// لە ئاوابوونیا نوور و ئیزاعەی سەد دوو چەندانە[٣٩] بینیی شاعیر ئەوەی دەرخستووە دوای وەفاتی جەستەییشی، نووری پەیامەکەی بەردەوامە و زیاتر دەدرەوشێتەوە، کە ئەمەش تایبەتمەندیی سەرەکیی موعجیزەی قورئانە.

٢. موعجیزە هەستییەکان (المعجزات الحسية): مەحوی بە وردی وێنەی ئەو ڕووداوانە دەکێشێت کە بە هەستەکان هەستیان پێکراوە، چ لە ئاسمان و چ لە زەویدا. سەبارەت بە موعجیزە ئاسمانییەکان، باس لە تێپەڕاندنی کات و شوێن لە میعراجدا و گەڕانەوەی خۆر دەکات:

لە زەرفی یەک نەفەسدا شەو هەزار ئەندەر هەزاران ساڵ

زیاتر بەڵکی ڕێ تەی کات و ڕیجعەت کا هەر ئەو ئانە[٤٠]

یان لە بەیتی (87)[٤١] ئەم دێڕانە ئاماژەن بۆ تێپەڕاندنی کات و شوێن لە میعراجدا و گەڕانەوەی خۆر بۆ عەلی کوڕی ئەبی تالیب (ڕ.خ). لەهەمان قەصیدە شاعیر بە شێوازێکی هونەریی بەرز باس لە لەتکردنی مانگ دەکا((ئیشارەی یەک سەر ئەنگوشتی مەهی لەو دوورەوە شەق کرد // هەر ئەو ئەنگوشتە بوو دەتوت فوارەی ئاوی حەیوانە))[٤٢]. مەحوی ئەم دێڕە دوو موعجیزە پێکەوە گرێ دەدات: لەتکردنی مانگ کە لە ئایەتی یەکەمی سورەتی (القمر)دا هاتووە، هەروەها ئاماژەی ڕاستەوخۆیە بۆ فەرموودەی صەحیحی بوخاری (ژمارە ٣٦٣٧)[٤٣]. و هەروەها هەڵقوڵانی ئاو لە نێوان پەنجە پیرۆزەکانییەوە کە ئاماژەیە بۆ فەرموودەی(ژمارە ٣٥٧٣). سەبارەت بە موعجیزە زەوییەکان، مەحوی بە وردی وێنەی چەندین ڕووداوی جۆراوجۆر دەکێشێت:

یەدی بەیزا چیە، هەر تاقە ئەنگوشتێکی چەند ئیعجا-

زی لێ زاهیر بووە، هەر یەک وەکوو ماهێ کە تابانە[٤٤]

**یان لە دێڕەکانی: ٦٩[٤٥]و٨٨[٤٦]و ٨٢[٤٧]و ٨٣[٤٨]و ٨٦[٤٩]و ٣٦[٥٠]و ٥٨[٥١]و ٩١[٥٢]**

دەبینین لەم دێڕانەدا ئاماژە بە هەڵقوڵانی ئاو لە پەنجەکانی و تێرکردنی سوپایەک بە کەمترین خۆراک کراوە، کە هەردووکیان لە فەرمووده صەحیحەکاندا هاتوون[٥٣]. هەروەك باس لە ملکەچبوونی بێگیان و ئاژەڵان دەکات. لەگەڵ ئاماژەدان بە تایبەتمەندییە جەستەیی و ڕۆحییەکانی پێغەمبەر (د.خ). وەک نەبوونی سێبەر، چاوی پیرۆزی لەئایەتی (ما زاغ البصر).

٣. موعجیزە غەیبییەکان (هەواڵدان لە داهاتوو): لە ڕووی پاراستن و هەواڵدان لە داهاتوو، مەحوی ئاماژە بەو موعجیزانە دەکات کە لە کاتی هیجرەتدا ڕوویاندا و چۆن بوونە هۆی سەرکەوتنی پەیامەکە لە داهاتوودا:

شەوی هیجرەت کە ئەعدا زۆری هێنا، مشتەخاکێ بوو

پیا چەندن، دەبەنگ و کوێر و کەڕ مان ئەو لەعینانە[٥٤]

شاعیر لێرەدا ئاماژە بە ئایەتی ((فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ)) (یس:٩) دەکات و چۆن ئەو ڕووداوانە بوونە هۆی پاکبوونەوەی زەوی لە کوفر. ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەو پۆلێنکردنەی کە هەوڵدان لە غەیب و پاراستنی خودایی وەک موعجیزەیەکی هەمیشەیی دەبینێت کە تەنانەت دوای وەفاتی پێغەمبەریش (د.خ) کاریگەرییەکانی دەردەکەون[٥٥].

٤. موعجیزەکانی پێش لەدایکبوون یان لەکاتی لەدایکبوون: مەحوی بە شێوەیەکی مێژوویی و جیهانی، ئاماژە بەو موعجیزانە دەکات کە لە کاتی لەدایکبوونی پێغەمبەردا (د.خ) ڕوویانداوە بۆ ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی ستەم:

دڵی سووتا بە زەردەشت و بە کەسری کیسرەوی گریا

ئەوەندە بەحری ساوا نم لە چاویدا بووە تانە[٥٦]

ئاماژەی کردوە بە سێ ڕووداوی گەورەی وەک کوژانەوەی ئاگری زەردەشت، شەقبوونی تاقی کیسرا و وشکبوونی دەریاچەی ساوە. ئەم ڕووداوانە بە نیشانەی پێشوەختەی گەردوونی دادەنرێن کە مژدەی گۆڕانکاریی گەورە لە عەقیدە دەدەن.

٥. موعجیزەکانی پێش بوون بە پێغەمبەر (الإرهاصات): لەم ئاستەدا، مەحوی باس لەو نیشانانە دەکات کە لە تەمەنی لاوی و منداڵیدا وەک ئامادەکارییەک بۆ پێغەمبەرایەتی ڕوویانداوە:

لە هەر ڕێیەک دەڕۆیی، بۆ سەلام و سوجدە بەر بردن

چ جۆشێ بوو دەکەوتە دار و بەردی ئەو مەکانانە![٥٧]

بە هەمانشێوە لە بەیتەکانی (بە هەوری تێ مەگەن، ئیللا مەلائیک شەهپەڕی خۆیان[٥٨] و (مەگەر ئەو سێبەرانەی خەزنە مەندە کردووە بۆ حەشر[٥٩]) هەمان ئاماژە خراوەتەڕوو. بەم چەشنە شاعیر باس لە سڵاوکردنی بێگیانەکان (جمادات)و سێبەرکردنی هەور یان فریشتەکان و ئەو سێبەرە ڕۆحییەی دەکات. ئەم ڕووداوانە لەلایەن زانایانەوە بنەمایەکی ئەخلاقی و جەستەیین بۆ پێغەمبەرایەتی، کە تێیدا خودا جەستە و دەوروبەری پێغەمبەری (د.خ) ئامادەکردووە بۆ وەرگرتنی وەحی[٦٠و٦١].

**تەوەری دووەم: شیکاریی هونەری و ئامانجەکانی (مەحوی) شاعیر**

**یەکەم:** شیکاریی پراکتیکیی تەکنیکە ڕەوانبێژییەکان لە قەصیدەی (بەحری نوور)دا.

بەحری نوور، لە دیارترین شاکارە عیرفانی و ئایینییەکانی شیعری مەحوییە، ئەم قەسیدەیە کە لەکێشی عەرووزی (هەزەجی هەشتی تەواو) هۆنراوەتەوە و سەرواکەی بریتییە لە پیتەکانی (ئانە)، لە ڕووی مۆسیقای دەرەکی و پێکهاتەی دەنگییەوە خاوەن بونیادێکی زۆر پتەو و گونجاوە. ژمارەی دێرەکانی ئەم قەسیدەیە (١٢٤) دێرە و بە تەواوی تەرخانکراوە بۆ ستایشی خودای گەورە و گوزارشتکردن لە موعجیزە ماددی و مەعنەوییەکانی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)[٦٢]. لەم بەشە ئێمە تەنها هەڵوەستە لەسەر ئەو دێرە دیاریکراوانە دەکەین کە گوزارشت لە لووتکەی هونەری ڕەوانبێژی دەکەن لە پیشاندانی پەرجووەکاندا:

١- تەلمیح (التلميح) بریتییە لە ئاماژەیەکی کورتی شاعیر بۆ ڕووداوێکی مێژوویی، چیرۆکێکی ئایینی، ئایەتێک یان پەندێکی پێشینان، بەبێ باسکردنی وردەکارییەکان[٦٣و٦٤]. ئەم هونەرە هێز بە دەق دەبەخشێت، چونکە پاشخانی زانیاری و کەلتووریی خوێنەر چالاک دەکات و بە ناوەڕۆکی شیعرەکەوە دەیبەستێتەوە.وەك مەحوی وتویەتی:

دڵی سووتا بە زەردەشت و بە کەسری کیسرەوی گریا

ئەوەندە بەحری ساوا نم لە چاویدا بووە تانە[٦٥]

مەحوی لەم بەیتەدا سێ ڕووداوی گەورەی مێژوویی وەک (تەلمیح) بەکارهێناوە کە لە کاتی لەدایکبوونی پێغەمبەردا (د.خ) ڕوویان داوە: کوژانەوەی ئاگری زەردەشتییەکان، درزبردنی تاقی کیسرا، وشکبوونی دەریاچەی ساوە. بە شێوەیەکی هونەری دەڵێت ئەم ڕووداوە سروشتییانە لە خەمی دابڕانی ئەو زاتەدا بوون[٦٦].

٢. لێکچواندن (التشبيه): بنەمایەکی سەرەکیی ڕەوانبێژییە بۆ وێکچواندنی دوو شت لە سیفەتێکی هاوبەشدا بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی مانا و جوانی، کە بە لابردنی ئامرازەکەی دەگاتە بەرزترین ئاستی خۆی کە (تەشبیهی بلیغ)ە.[٦٧]:

وجوودی ئەو لەگەڵ باقی وجوودان ئەر نییە فەرقی

بە قەد ڕۆح و جەسەد، بێ سێبەری خاریج لە ئیمکانە[٦٨]

لێکچوندنێکی قووڵ بەکاردێنێت. زاتی پێغەمبەر (د.خ) دەچوێنێت بە (ڕۆح) و هەموو وجوودەکانی تر دەچوێنێت بە (جەسەد). نیشاندەری ئەوەیە کە جیهان بەبێ ئەو زاتە بێ گیان و بێ واتا دەبوو، وەک چۆن جەستە بەبێ ڕۆح هیچ بەهایەکی نییە[٦٩].

٣. موبالغە (المبالغة): بریتییە لەوەی شاعیر سیفەتێک یان کارێک وەسف بکات بە شێوەیەک کە لە عەقڵ و عاداتدا جێگەی نەبێتەوە، یان زۆر بەرزتر لە ڕاستی نیشانی بدات بۆ مەبەستی گەورەکردنی ئەو شتە. موبالغە چەند پلەیەکی هەیە؛ ئەگەر شتەکە تەنها لە عەقڵدا جێی ببێتەوە پێی دەوترێت (اغراق)، بەڵام ئەگەر بە هیچ جۆرێک لە عەقڵ و عاداتدا جێی نەبووەوە، پێی دەوترێت (غلوو) کە لوتکەی زێدەڕەوییە بۆ نیشاندانی قووڵی عیشق یان شکۆداری[٧٠]:

لە زەرفی یەک نەفەسدا شەو هەزار ئەندەر هەزاران ساڵ

زیاتر بەڵکی ڕێ تەی کات و ڕیجعەت کا هەر ئەو ئانە[٧١]

وەك بینین شاعیر موبالغەیەکی گەورە لە جۆری (غلوو) بەکاردێنێت بۆ باسکردنی موعجیزەی میعراج. دەڵێت لە یەک چرکەدا ڕێگەی هەزاران ساڵی بڕیوە.

٤. دابەشکردن (التقسیم): بریتییە لەوەی کە شاعیر سەرەتا باس لە چەند شتێک بکات بە شێوەی کۆ، پاشان یەک یەک دابەشیان بکات و سیفەتێکی گونجاو یان کارێکی تایبەت بداتە پاڵ هەر یەکێکیان بە شێوەیەک کە ڕیزبەندییەکەی بپارێزرێت. ئەم هونەرە نیشانەی ڕێکخستنی ئەندێشەی شاعیرە و وادەکات وێنە گەورەکان ورد بکرێنەوە بۆ وێنەی بچووکتر و کاریگەرتر[٧٢] وەك لە شیعری ٦٨[٧٣] ئاماژەی بۆکردووە و دابەشکردن(تقسیم)ی بەکارهێناوە بۆ دابەشکردنی موعجیزەکانی پەنجەی پێغەمبەر. یەکەم: بۆ شەقکردنی مانگ، دووەم: بۆ هەڵقوڵانی ئاو. ئەم ڕیزبەندییە وێنەیەکی کامڵ دەبەخشێتە خوێنەر.

٥. جوانیی بایس (حسن التعلیل): بریتییە لەوەی شاعیر بۆ ڕووداوێکی سروشتی یان سیفەتێک، هۆکارێکی تری (غەیری زانستی و ڕاستەقینە) دابنێت کە تەنها لە خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیرانەدایە، بە جۆرێک کە ئەو هۆکارە نوێیە جوانییەکی هونەری یان مەعنەوی زیاتر بە دەقەکە ببەخشێت[٧٤]:

مەگەر ئەو سێبەرانەی خەزنە مەندە کردووە بۆ حەشر

چ دڵسۆزە کە لەو گەرمایەشا سایەی لە سەرمانە[٧٥]

شاعیر باس لە بێ سێبەری پێغەمبەر (د.خ) دەکات. لە جیاتی ئەوەی بڵێ ئەمە موعجیزەیەکی سروشتییە، دەڵێ سێبەرەکەی بۆ ڕۆژی حەشر پاشەکەوت کردووە تا لەوێ سایەمان بۆ بکات. ئەمە لوتکەی (حسن التعلیل)ە.

٦. دژیەك (التضاد): بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو وشە یان دوو مانا کە لە ڕووی واتاوە دژی یەکتر بن لە ناو یەک بەیتدا. ئەم هونەرە بۆ ئەوە بەکاردێت کە مانا ڕوون بکاتەوە، چونکە شتەکان بە دژەکانیاندا دەناسرێنەوە. شاعیر ئەم هونەرە بەکاردێنێت بۆ نیشاندانی جیاوازی نێوان ڕووناکی و تاریکی، یان ژیان و مردن[٧٦]:

چیە ئیبرا، وەرە سەر موعجیزەی ئیحیا بە حەددێکە

لە ئەنفاسی نفختُ فیه من ڕوحي نومایانە[٧٧]

مەحوی لێرەدا (تضاد) دروست دەکات لە نێوان (مردن) و (ئیحیا – ژیاندنەوە). باس لەوە دەکات کە هەناسەی پێغەمبەر ژیان دەبەخشێت بەو دڵانەی کە مردوون لە کفردا.

٧. لێوەرگرتن (الاقتباس): بریتییە لەوەی شاعیر یان نووسەر بەشێک لە ئایەتێکی قورئان یان فەرموودەیەکی پێغەمبەر بێنێتە ناو شیعرەکەیەوە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات کە ئەمە قورئانە. ئەم هونەرە دەبێتە هۆی بەخشینی پیرۆزی و شکۆداری بە دەقەکە و نیشاندانی شارەزایی شاعیر لە زانستە ئایینییەکاندا[٧٨]:

چ چاوێ؟ کوحلی ما زاغ البصر سورمەی سەوادی بێ

مونەووەر بێ بە نووری ڕوئیەتی بێ چوون و چەندانە[٧٩]

مەحوی لێرەدا ئایەتی (ما زاغ البصر)ی قورئانی پیرۆزی وەک (ئیقتیباس) هێناوەتە ناو شیعرەکەیەوە بۆ وەسفکردنی چاوی پێغەمبەر لە شەوی میعراجدا.

٨. مراعاة النظیر: ئەم هونەرە بریتییە لەوەی شاعیر لە ناو یەک بەیتدا چەند وشەیەک کۆبکاتەوە کە لە ڕووی ماناوە گونجاو و تەبا بن لەگەڵ یەکتردا، بەبێ ئەوەی دژی یەک بن. ئەمە وادەکات وێنەیەکی یەکگرتوو لە مێشکی خوێنەردا دروست ببێت و مۆسیقایەکی ناوەکی بە دەقەکە

بەخشێت[٨٠]: وەك ((پیا چەندن، دەبەنگ و کوێر و کەڕ مان ئەو لەعینانە))[٨١] لێرەدا وشەکانی (دەبەنگ، کوێر، کەڕ)ی کۆکردووەتەوە کە سیفەتی تێکچوونی هەستەکانی مرۆڤن. ئەم (موراعاتی نەزیر)ە بۆ نیشاندانی تێکچوونی دوژمنانە لە بەرامبەر موعجیزەی پێغەمبەردا.

**ئەنجام**

١. توێژینەوەکە هەوڵی داوە بگات بەوەی کە پەرچوو(موعجیزە) لە چەمکێکی تیۆلۆجیی سەلمێنەرەوە (بۆ قایلکردنی نەیاران)، گۆڕاوە بۆ دیاردەیەکی فرەڕەهەند کە ئامانجە سەرەکییەکەی ئیلهامبەخشینە بە تێڕامانی ڕۆحیی قووڵ.

٢. توێژینەوەکە گەشتوەتە ئەوەی کە مامەڵەکردنی هەڵبژێراوانە و ئامانجدارانەی (مەحوی) لەگەڵ پەرچووەکاندا، شاعیر بە ئاگاییانە چەندین پەرچووی گرنگی تری بەکارنەهێناوە. ئەم هەڵبژاردنە سنووردارە دەیسەلمێنێت کە ئامانجی قەسیدەکە تۆمارکردنێکی گشتگیر نییە، بەڵکو بەکارهێنانی پەرچووە وەک کەرەستەیەکی خودی بۆ بنیاتنانی پرۆژە عیرفانی و ئیستاتیکییە تایبەتەکەی خۆی.

٣. شیکردنەوەی قەسیدەی (بەحری نوور) دەریخستووە کە بابەتە ئایینییەکان لە چوارچێوەی گێڕانەوەی سادە دەرهێنراون و بەهۆی زمانی شیعرییەوە، کراون بە ئەزموونێکی ئیستاتیکیی ئاڵۆز و هونەری.

٤. مەحوی ئامرازە ڕەوانبێژییەکانی تەنها بۆ ڕازاندنەوە بەکارنەهێناوە، بەڵکو کەرەستەیەکی هێمایی و فیکریی پێویستن بۆ گوزارشتکردن لە دیاردە لاهووتییەکان.

٥. لای مەحوی و شاعیرانی کلاسیک، پەرچوو تەنها تۆمارێکی مێژوویی نییە، بەڵکو ئامرازێکی هێمایی بەهێزە بۆ گوزارشتکردن لە حەقیقەتە عیرفانییەکان و نیشاندانی گەورەیی ڕۆحیی پێغەمبەر (د.خ).

**پێشنیاز:** پێویستە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان لە بازنەی گێڕانەوەی مێژوویی دەربچن و پێشنیاز دەکەین پرۆژەی نوێ بۆ شیکردنەوەی (ئەنتۆلۆجیا و ئیستاتیکای هێما مێتافیزیکی و کەلامییەکان) لە تەواوی ئەدەبیاتی عیرفانیی کوردیدا ئەنجام بدرێت.

**لیستی سەرچاوەکان**

قورئانی پیرۆز

١.أسلوب التلميح في القرآن الكريم والسنة الصحيحة، د. أبو الحسن علي بن محمد المطري، ٢٠٠٨، ل ٣ و ٤.

٢.الأقتباص والتضمين، بونعامة مصطفى، الثالثة لسانس، ٢٠٢٤-٢٠٢٥، ل ٣.

٣.بەهاری ڕەوانبێژی(ڕوونبێژی واتاناسی جوانکاری ، موحسین ئەحمەد مستەفا گەردی ، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢، ل ١٢.

٤.التلميع في علم البديع، الشيخ علي المحمدي، دار النشر اللوح المحفوظ (إيران – طهران)، (المجلد الأول)، ٢٠٢١، ل ١١٩ .

٥.جماليات طباق في شعر عنتر، د.عذت أمد مهدي علي، العدد سابع عشر،٢٠١٣، ل ٢٢٨٠

٦.جواهر البلاغة في المعاني والبيان والبديع، سيد أحمد الهاشمى، مؤسسة هنداوي، ٢٠١٩، ل ٢٤٤.

٧.چرا قرآن معجزه است، حسين مقيسه، دوهەمین کۆنفرانسی نیشتمانیی ئیعجازی قورئان، زانکۆی شەهید بەهەشتی، ل. ١-٦.

٨.چرا قرآن معجزه است، حسێن مقيسه، دووەمین کۆنفرانسی نیشتمانی ئیعجازی قورئان، ١٣٩٢، ل ١.

٩.چشم اندازی به معجزات پیامبران (از منظر قرآن و تاریخ)، عبدالمنعم هاشمی، و/ سەید ڕەزا ئەسعەدی، مهاباد، ١٣٨٢، ل ١٣-١٤.

١٠.چەرمەیەکی ئەدەبیات و تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەری بەنموونەی قەصیدەی بەحری نووری مەحوی، کارزان محسن قادر و سمیر احمد ابراهیم، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانست مرۆڤایەتییەکان، بەرگی٢٧،ژ ٥، ٢٠٢٣، ل ١٤٠و١٤١.

١١.چەرمەیەکی ئەدەبیات و تیۆری ڕەخنەی ئیسالمگەریی بەمنوونەی قەسیدەی (بەحری نوور)ی مەحوی، کارزان محسن قادر و سمیر احمد ابراهیم، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی ٢٧، ژمارە ٥، ٢٠٢٣، ل ١٣٩.

١٢.حسن التعليل: دراسة بلاغية تاريخية فنية، د. أشرف عبد القادر، مجلهة كلية الدراسات السلامية والعربية للبنات لفرشيخ، عدد الثالث-مجلد الثاني، ٢٠١٩ ل ٥٧٧.

١٣.د. ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠١٢، لاپەڕە ١٤.

١٤.دکتور حەیدەر عەلی مەیمەنە، معجزه در نگاه متکلمان مسلمان و یهود، ل ١٥٥.

١٥.دیوانی بێخود، محمدی مەلا کەریم، سنندج، انتشارات کردستان ١٣٨٥، ل ٤٢

١٦.ديوانی سالم، مەلا عەبدولكەریمی مودەڕریس و محەمەجی مەلا كەریم و فاتیح عەبدولكەریم، بنكەی ژین، بەرگی ١، ٢٠١٥، ل ٤٠

١٧.ديوانی مەحوی، مەلا عبدالكريمی مدرس و محمدی مەلا كەریم، سنندج، انتشاراتی كردستان. ١٣٨١، ل ٤٦٨

١٨.ديوانی نالی. مەلا عبدالكريم مدرس و فاتح عبدالكريم. انتشارات صلاح الدين ايوبی. تهران. چاپی دووەم، ١٣٦٤. ل ٦٥.

١٩.ديوانی نالی. مەلا عبدالكريم مدرس و فاتح عبدالكريم. انتشارات صلاح الدين ايوبی. تهران. چاپی دووەم، ١٣٦٤. ل٤٨٢

٢٠.ڕاڤەی هێماناسییانەی سی غەزەلی مەحوی، سەبوور عەبدولكەریم شكار و بوشرا قادر كەسنەزانی و هەریم عوسمان مەعروف، گۆڤاری ئاران بۆ زمان و زانستە مرۆڤایەتییەكان، بەرگی ٢، ژمارە ١، ٢٠٢٦، ل ١١.

٢١.ڕەوانبێژی لە ئەدەبی كوردیدا-بەرگی یەكەم، عەزیز گەردی، بەغداد، ١٩٧٢، ل ٢٢.

٢٢.ڕەوانبێژی لە ئەدەبی كوردیدا- بەرگی یەكەم، عەزیز گەردی: بەیان، چاپی یەكەم، بەغداد، ١٩٧٢، ل ٨٧

٢٣.زمانی جادوویی یان ئەنتولۆجیای زمان لە گێڕانەوەدا، جەبار عوسمان، چاپی یەكەم، سلێمانی، چاپخانەی كارۆ، ٢٠٢١، ل ٣٧.

٢٤.صحيح البخاري، كتاب المناقب، باب انشقاق القمر، ژمارە ٣٦٣٧.

٢٥.صحيح معجيزات النبي، احمد ناجي، دار ابن حزم، القاهرة-مصر، ٢٠٠٩، ل ٥و٦

٢٦.مبانی نظريه معجزه انگاری اخلاق نبوی، فەرامەرز قەرامەلەكی و عەلی مەزهەر قەرامەلەكی، فەسڵنامەی ئەندێشەی نوێی ئایینی، ٢٠٠٨، ل ١٠.

٢٧.مراعاة النظير... المصطلح والقيمة، محمد سعيد حسين طيبة، المجلة العربية للآداب والدراسات الإنسانية، مصر، بەرگی ٤، ژ ٢٠، ٢٠٢٠، ل ٢٠٨

٢٨.معجزات الأنبياء والمرسلين، السيد مبارك، دار البيان للطباعة، ميسر،٢٠٠٤، ل ٥ و ١٠.

٢٩.معجزات الرسول صلى الله عليه وسلم، ئيمام ئيبن كەسير، ٢٠١٤ ل ٧ و ١٨.

٣٠.معجزات الرسول صلى على عليه مسلم، ابن كثير، دار السلام، ٢٠١٤، ل ١٨.

٣١.معجزات النبي صلى الله عليه وسلم، شێخ مستەفا عەدەوی، ٢٠١٤، لاپەڕە ٥.

٣٢.معجزة القرآن، محمد متولي شعراوي،دارالكتوب والمكتوبات، ٢٠١٤، ل ٥.

٣٣.معجزه الهی آفرينش شتر در قرآن كريم، محمد جواد اسكندرلو، دوفصلنامه قرآن و علم، دوره: ٩، شماره: ١٦ ، ل ٢٣٧.

٣٤.معجزه در نگاه متكلمان مسلمان و يهود، د.حيدر علی ميمنه، فصلنامه علمی-پژوهشی آينه معرفت، زانكۆی شەهید بەهەشتی، ل ١٣-١٤.

٣٥. موحسين ئەحمەد مستەفا گەردی، بەهاری ڕەوانبێژی (واتاناسی، ڕەوانبێژی، جوانكاری)، چاپی یەكەم، بڵاوكراوەی منتدى إقرأ الثقافي، ٢٠١٢، لاپەڕە ١٤٧.

٣٦.Molla Mehmet Demirtaş ve Melayê Cızîrî'de Naat, Erdoğmuş, Hatip, Anemon Muş Alparslan Üniversitesi Sosyal Bilimler Dergisi, Cilt ٢, Sayı ١, ٢٠١٤, l ١٨٨-١٨٧.

.٣٧Omar, Hassan Ali. "Rhetorics in Mahwi's poem 'Sea of Light'." Alustath Journal for Human and Social Sciences, vol. ٥٨, no. ٤, ٢٠١٩, pp. ٣٨٧-.٣٩٠ ل ٤١٠،

## الهوامش

١ معجزة القرآن، محمد متولي شعراوي،دارالكتوب والمكتوبات، ٢٠١٤، ل ٥.

٢ معجزات الأنبياء والمرسلين، السيد مبارك، دار البيان للطباعة، ميسر،٢٠٠٤، ل ٥ و ١٠.

٣ چشم اندازی به معجزات پيامبران (از منظر قرآن و تاريخ)، عبدالمنعم هاشمی، و/ سەید ڕەزا ئەسعەدی، مهاباد، ١٣٨٢، ل ١٣-١٤.

٤ صحيح معجيزات النبي، احمد ناجي، دار ابن حزم، القاهرة-مصر، ٢٠٠٩، ل ٥و٦

٥ چرا قرآن معجزه است، حسين مقيسه، دوهەمین كۆنفرانسی نیشتمانیی ئیعجازی قورئان، زانكۆی شەهید بەهەشتی، ل. ١-٦.

٦ معجزات الرسول صلى على عليه مسلم، ابن كثير، دار السلام، ٢٠١٤، ل ١٨.

٧ معجزه الهی آفرينش شتر در قرآن كريم، محمد جواد اسكندرلو، دوفصلنامه قرآن و علم، دوره: ٩، شماره: ١٦ ، ل ٢٣٧.

٨ هەمان سەرچاوەی ژمارە ٣، ل ١٤.

٩ معجزه در نگاه متكلمان مسلمان و يهود، د.حيدر علی ميمنه، فصلنامه علمی-پژوهشی آينه معرفت، زانكۆی شەهید بەهەشتی، ل ١٣-١٤.

١٠ Omar, Hassan Ali. "Rhetorics in Mahwi's poem 'Sea of Light'." Alustath Journal for Human and Social Sciences, vol. ٥٨, no. ٤, ٢٠١٩, pp. ٣٨٧-٤١٠، ل ٣٩٠.

١١ ديوانی نالی. مەلا عبدالكريم مدرس و فاتح عبدالكريم. انتشارات صلاح الدين ايوبی. تهران. چاپی دووەم، ١٣٦٤. ل ٦٥.

١٢ هەمان سەرچاوە، ل ٥٩.
١٣ Molla Mehmet Demirtaş ve Melayê Cızîrî’de Naat, Erdoğmuş, Hatip, Anemon Muş Alparslan Üniversitesi Sosyal Bilimler Dergisi, Cilt 2, Sayı 1, 2014, l 187-188.
١٤هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧
١٥ ديوانى نالى. مەلا عبدالكريم مدرس و فاتح عبدالكريم. انتشارات صلاح الدين ايوبى. تهران. چاپى دووەم، ١٣٦٤. ل٤٨٢
١٦ ديوانى سالم، مەلا عەبدولكەريمى مودەرريس و محەمەجى مەلا كەريم و فاتيح عەبدولكەريم، بنكەی ژين، بەرگى ١، ٢٠١٥، ل ٤٠
١٧ ديوانى بێخود، محمدى مەلا كەريم، سنندج، انتشارات كردستان ١٣٨٥، ل ٤٢
١٨ زمانى جادوويى يان ئەنتۆلۆجياى زمان لە گێرانەوەدا، جەبار عوسمان، چاپى يەكەم، سلێمانى، چاپخانەی كارۆ، ٢٠٢١، ل ٣٧.
١٩ جواهر البلاغة في المعاني والبيان والبديع، سيد أحمد الهاشمي، مؤسسة هنداوي، ٢٠١٩، ل ٢٤٤.
٢٠ بەهارى ڕەوانبێژى(ڕوونبێژى واتاناسى جوانكارى ، موحسين ئەحمەد مستەفا گەردى ، چاپى يەكەم، سلێمانى، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم، ٢٠٠٢، ل ١٢.
٢١ ڕەوانبێژى لە ئەدەبى كورديدا- بەرگى يەكەم، عەزيز گەردى: بەيان، چاپى يەكەم، بەغداد، ١٩٧٢، ل ٨٧
٢٢ چەردەيەكى ئەدەبيات و تيۆرى ڕەخنەی ئيسالمگەريى بەمنوونەی قەسيدەی (بەحرى نوور)ـى مەحوى، كارزان محسن قادر و سمير احمد ابراهيم، گۆڤارى زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤايەتييەكان، بەرگى ٢٧، ژمارە ٥، ٢٠٢٣، ل ١٣٩.
٢٣ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٩.
٢٤ ڕاڤەی هێماناسييانەی سى غەزەلى مەحوى، سەبوور عەبدولكەريم شكار و بوشرا قادر كەسنەزانى و هەريم عوسمان مەعروف، گۆڤارى ئاران بۆ زمان و زانستە مرۆڤايەتييەكان، بەرگى ٢، ژمارە ١، ٢٠٢٦، ل ١١.
٢٥ سەرچاوەی ژمارە ٢٢، ل ٨٥.
٢٦ هەمان سەرچاوەی ژمارە ٣١/ ل ١٢.
٢٧ هەمان سەرچاوەی ژمارە ٣١، ل ٩.
٢٨ هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢٩، ل ١٤١-١٤٢.
٢٩ هەمان سەرچاوەی ژمارە ٣١، ل ٩.
٣٠ هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢٢، ٢٦٣.
٣١ دكتور حەيدەر عەلى مەيمەنە، *معجزه در نگاه متكلمان مسلمان و يهود*، ل ١٥٥.
٣٢ *معجزات الرسول صلى الله عليه وسلم*، ئيمام ئيبن كەسير، ٢٠١٤ ل ٧ و ١٨.
٣٣ *چرا قرآن معجزه است*، حسێن مقيسه، دووەمين كۆنفرانسى نيشتمانى ئيعجازى قورئان، ١٣٩٢، ل ١.
٣٤ هەمان سەرچاوەی ژمارە ٣٩، ل ١٧٠.
٣٥ *مبانى نظريه معجزه انگارى اخلاق نبوى*، فەرامەرز قەرامەلەكى و عەلى مەزهەر قەرامەلەكى، فەسڵنامەی ئەندێشەی نوێى ئايينى، ٢٠٠٨، ل ١٠.
٣٦ هەمان سەرچاوەی ژمار ٢٢، ل ٤٦٣
٣٧ *معجزات النبي صلى الله عليه وسلم*، شێخ مستەفا عەدەوى، ٢٠١٤، لاپەڕە ٥.
٣٨ هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢٢، ل ٤٩٣.
٣٩ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٠
٤٠ هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢٢، ل ٤٧٨.
٤١ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩١.
٤٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٤.
٤٣ صحيح البخاري، كتاب المناقب، باب انشقاق القمر، ژمارە ٣٦٣٧.
٤٤ هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢٢، ل ٤٨٤.
٤٥ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٥.
٤٦ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩١.
٤٧ هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢٢، ل ٤٨٩.
٤٨ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩٠.
٤٩ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩٠.
٥٠ هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢٢، ل ٤٧٥.
٥١ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨١.
٥٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩٢.
٥٣ هەمان سەرچاوەی ژمارە ٤٠، ل ٣٨ و ٨٢.
٥٤ هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢٢، ل ٤٨٥.
٥٥ هەمان سەرچاوەی ژمارە ٤٥، ل ٢.
٥٦ هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢٢، ل ٤٦٩.
٥٧ هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢٢، ل ٤٩٢.
٥٨ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩٢

[٥٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٥
[٦٠] هەمان سەرچاوەی ژمارە ٤٠، ل ٨٠.
[٦١] هەمان سەرچاوەی ژمارە ٤٣، ل ٢.
[٦٢] چەردەیەکی ئەدەبیات و تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەری بەنموونەی قەصیدەی بەحری نووری مەحوی، کارزان محسن قادر و سمیر احمد ابراهیم، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانست مرۆڤایەتییەکان، بەرگی٢٧،ژ٥، ٢٠٢٣، ل ١٤٠و١٤١.
[٦٣] أسلوب التلميح في القرآن الكريم والسنة الصحيحة، د. أبو الحسن علي بن محمد المطري، ٢٠٠٨، ل ٣ و ٤.
[٦٤] التلميع في علم البديع، الشيخ علي المحمدي، دار النشر اللوح المحفوظ (إيران - طهران)، (المجلد الأول)، ٢٠٢١، ل ١١٩.
[٦٥] هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢٢، ل ٤٦٩.
[٦٦] موحسین ئەحمەد مستەفا گەردی، بەهاری ڕەوانبێژی (واتاناسی، ڕەوانبێژی، جوانکاری)، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی منتدى إقرأ الثقافي، ٢٠١٢، لاپەڕە ١٤٧.
[٦٧] ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا-بەرگی یەکەم، عەزیز گەردی، بەغداد، ١٩٧٢، ل ٢٢.
[٦٨] هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢٢، ل ٤٧٥.
[٦٩] د. ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠١٢، لاپەڕە ١٤.
[٧٠] هەمان سەرچاوەی ژمارە ٧٦ ل ٢٦٧.
[٧١] هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢٢، ل ٤٧٨.
[٧٢] هەمان سەرچاوەی ژمارە ٧٦، ل ٢٥٢
[٧٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٤.
[٧٤] حسن التعليل: دراسة بلاغية تاريخية فنية، د. أشرف عبد القادر، مجلهة كلية الدراسات السلامية والعربية للبنات لفرشيخ، عدد الثالث-مجلد الثانى، ٢٠١٩ ل ٥٧٧.
[٧٥] هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢٢، ل ٤٧٥.
[٧٦] جماليات طباق في شعر عنتر، د.عذت أمد مهدي علي، العدد سابع عشر،٢٠١٣، ل ٢٢٨٠
[٧٧] هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢٢، ل ٤٩٣.
[٧٨] الأقتباص والتضمين، بونعامة مصطتفى، الثالثة لسانس، ٢٠٢٤-٢٠٢٥، ل ٣.
[٧٩] هەمان سەرچاوەی ژمارە، ل ٤٨١.
[٨٠] مراعاة النظير... المصطلح والقيمة، محمد سعيد حسين طيبة، المجلة العربية للآداب والدراسات الإنسانية، مصر، بەرگی ٤، ژ٢٠، ٢٠٢٠، ل ٢٠٨
[٨١] هەمان سەرچاوەی ژمارە ٢٢، ل ٤٨٥.